ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان

# ئۆکتۆبەر

سێپتەمبەری 2017 دەورەی سێهەم ژمارە 1

لاپەڕە 6



## ئایا "نەخێر بۆ ریفراندۆم لە ئێستادا" نەخێرە بەدەسەڵاتی بۆرژوایی- میلیشیایی ئێستا!؟

موحسن کەریم

لاپەڕە 8



## ڕاستیەکانی پشتی ڕیکەوتنەکەی نیوان حزبولای لوبنان وهێزەکانی داعش

خەسرەو سایە

لاپەڕە 8

## بۆرما.... پاکتاوکردنی قەومی و ئاینی!

لاپەڕە 5

## پشتیوانی لە نارەزایەتیەکانی خەڵکی زەحمەتکێشی شاری "بانە" لە کوردستانی ئێران دەکەین!

## پرسیار لەبارەی ڕێفراندۆمەوە

**ئۆکتۆبەر: بۆچونێک هەیە ریفراندۆم بەو پاساوە ڕەتدەکاتەوە، کەدەبیتە مایەی باڵادەستکردنی پارتی ورەسمیەت دان بەدەسەڵاتی بنەماڵەی بەرزانی بەسەر کۆمەڵگاوە، بەم پێیەش بەهیزبوونی پارتی لەم ڕیفراندۆمەدا دەبینێتەوە.. ئایا بۆچونێکی ئاوا دروستە بۆ ڕەتکردنەوەی ڕیفراندۆمێک کەلەئارادایە؟**



عوسمان حاجی مارف: پێویستە پێشەیکی پێشوازی لەو نارەزایەتی و هەڵسوران و هەنگاوە سیاسیانە بکەین کە دەبنە لاوازی دەسەڵاتی حزبە بۆرجوا ناسیۆنالستە میلیشیاکانی کوردستان و بەردەوام لە هەوڵی گەشەو ریکخستن و یەککگرتوویی خەباتی جەماوەریدا بین تا شەری کۆتایی بۆ نەمانی دەسەڵاتیان، ئەم شەرەی کریکاران و زەحمەتکیشان و خەڵکی نارازی لەبەرامبەر ئەم دەسەڵاتە تالانجی و جەردەیەدا هیچ جۆرە چاوەروانی و وەستانێکی تیا نیە و بەهیچ پاساوێک نابێت ریگەی پێ بگرێت، ئەمە شەری بەرگریە لە ژیان و گوزەران و لە پێناو دنیایەکی باشتردایە، شەری کۆتایی هێنانە بە چەوسانەوەو نایەکسانی.

لە واقعیەتی سەپێندراوی دەسەڵاتی بنەماڵەی بارزانی و باڵادەستی پارتیدا هیچ جیاوازیەکم لەسەر ئەو بۆچون و ئاراستەیە نیە کە پێویستە ئاگاداربین هەنگاوێک نەنێین ببێتە پشتیوانی و بەهێزکردنی دەسەڵاتی نەک بارزانی و پارتی بەڵکو دەسەڵاتی تەواوی ئەو حزبانەی نوێنەرایەتی رەوتە کۆمەڵایەتیەکانی بۆرجوازی دەکەن، بەڵام مەسەلەی ئەسڵی ئەوەیە چۆن ئەتوانین ئەو کارانە بەو شێوەیە ئەنجام بدەین کە بە بەرژەوەندی پارتی و هیچ هێزێکی بۆرجوازی نەبێت، ئەوانەی تەنها بە پاساوی ئەوەی پارتی بەهێز دەبێت رفراندۆم

⇦

## گفتوگۆی دەزگای هاوپشتی لەگەل ڕێبوار ئەحمەد لەسەر پرسی ریفراندۆم



**هاوپشتی: بڕیارە ڕیفراندۆم لە ٢٥/٩ دوای چەند هەفتەیەکیتر ئەنجامبدرێ، ئەم بانگەشە و بڕیارە دابەشبوونێکی فراوانی لە کۆمەڵگای کوردستان پێکهێناوە. سەرەتا پێمانخۆشە ڕای ئێوە بزانین لەسەر ئەو ڕیفراندۆمەی بڕیارە لە ٢٥-٩ بەڕێوەبچێت؟**

**ڕێبوار ئەحمەد:** ڕیفراندۆم بۆ بڕیاردانی خەڵکی کوردستان لەسەر ئەوەی دەیانەوێ لەگەڵ عێراق بمێننەوە یان جیابنەوە و دەوڵەتێکی سەربەخۆ دامەزرێنن، مافێکی حاشاهەڵنەگری خەڵکی کوردستانە. من وەکو ڕای خۆم بە پێویستم دەزانی ماوە و کاتی زۆرتر بۆ ئامادەکاری ڕیفراندۆم و ئامادەکردنی ڕای خەڵکی کوردستان بۆ بڕیارێکی هەڵسەنگێندراو تەرخان بکرێت، بەڵام لەو ڕووەوە کە هەمیشە دەیان کۆسپ و لەمپەر لەبەردەم پیادەکردنی ئەم مافەی خەڵکی کوردستان دروستکراوە و بەریپێگیراوە، بۆیە پێم گونجاوم نەبوو ئەم فاکتەرە بکرێتە هۆکار بۆ لەدەستدانی ئەو دەرفەتەی دەستیداوە.

دابەشبون لە کۆمەڵگای کوردستاندا لەسەر ئەم پرسە دیاردەیەکی ئاساییە، هەر ئەمرۆش نیە کە پێکهاتووە، لە ٢٢ ساڵ پێش ئێستاوە کە کۆمۆنیزمی کرێکاری ئەم ڕێگایەی وەکو چارەسەرێک بۆ کێشەی کورد و سەرگەردانی کوردستان

بۆ لاپەڕە 2

ڕەتدەکەنەوە، پرسیارە ئەوەیە ئایا وەستانەوە بەدژی رفراندۆم وەک تاکتیکێک لە ئێستادا دەبێتە هۆی لاوازکردنی پارتی، یان هەنگاوی نارەزایەتیەکانی جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێشان دەباتە پێشەوە، ئەوەی راستی بێت ئەو جۆرە ڕەتکردنەوەیەی رفراندۆم هیچ تەفسیرو و لێکدانەیەک نادەن بەستەوە لەسەر ئەوەی کە بەشداری لە رفراندۆمدا ناکەن یان لایەنگری لە دەنگی نەخێر دەکەن چۆن پارتی لاواز دەکەن یان ناهێلن بەهێز بێت، یا رونی ناکەنەوە کەچۆن ئەم هەڵوێستەیان دەبێتە بەشێک لە نارەزایەتیە جەماوەریەکان و خەباتی سیاسی لە دژی پارتی و چۆن دەبێتە ئاڵوگۆر بە قازانجی خەڵک و بە زیان بۆ پارتی، بەڵکو تەنها پەرچەکردارێکی تورەیی دژە پارتیە بێ ئەوەی ئەزمونێکی سەرکەوتو نیشان بدەن.

هەروەها ئەم پەرچەکردارە توندەی لەبەرامبەر ئەم رفراندۆمەدایە لەو مەوقعەوە کەوتونەتە بەرامبەری کە لە لایەن بارزانی و پارتیەوە مەترەح کراوە، هەر بەو بەڵگەیەش دەڵێن پارتی پێ بەهێز دەبێت، بەڵام ئایا گەر هەر لایەنێکی تر مەترحی بکات زەمانەت چیە کە مامەڵەو تاکتیکی پارتی کارێ نەکات کە تیا بەهێزتر بێت؟، بەم مانایە بێت دەبێت باسی رفراندۆم و سەربەخۆیی راگرین و ئێمەو هیچ لایەنێکی تر مەترەحی نەکەین چونکە ئەوە نادیارە ئاخۆ کەی گونجاو دەبێت بۆ رفراندۆمێک بەو مەرجەی پارتی پێ بەهێز نەبێت، لەلایەنێکی تریشەوە هەر بەو مانایە تاپارتی هێزی یەکەم بێت و خاوەنی دەسەڵات بێت، ئاشکرایە کە رێگە نادات بە هیچ جۆرە رفراندۆمێک کە بزانێ تیا لاواز دەبێت، واتە مامەڵەی ئەم هاوکێشەیە دەمان گەیەنێت بە ئاکامێکی پێچیدەو ئاڵۆزو نارۆشن کە دیارنیە ئەو کەس و لایەنانەی تەنها بەمانای بەهێز بونی پارتی رەتی رفراندۆم دەکەنەوە دەیانەوێت چی بکەن، هاوکاتیش ئەوەش رۆشن نیە چۆن شەر لەبەرامبەر پارتیدا دەکەن، تەنها لەیەک وەڵامی گشتی و نارۆشنی شەری دەسەلاتدا یان رێکخستنی نارەزایەتیەکان دەمان خەنە چاوەروانیەکی نارۆشن و نادیارەوە. لەدوا شیکرنەوەدا ئەو بۆچونە لەسەر بنەمای نارۆشنیەکە کە خۆیان دەرگیری بون لە نێوان تەرحی رفراندۆم و سەربەخۆیی لە پەیوەند بە هەلومەرجی سیاسی کوردستان و بونی کێشەیەکی جدی و حەساسی وەک کێشەی نەتەوەیی لە پاڵ دەورو مەوقعیەتی پارتی و بارزانیەوە، بەواتەیەک رفراندۆم و

## درێژەی.. گفتوگۆی دەزگای هاوپشتی لەگەڵ رێبوار ئەحمەد

پێشنیار کرد، دەستی پێکردوە. لەسەر ئەم پرسە بە چەک پەلاماری حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری دراو هەڵسورانی قەدەغە کرا. راستە ئاستی دابەشبونەکە بە ئەندازەی ئێستا نەبوو، بەڵام لەو دەورانەوە کێشمەکێش لە نێوان کۆمۆنیزم و ناسیۆنالیزم لەسەر ئەم پرسە دەستی پێکردوە. دابەشبونەکەی ئەمرۆش لە راستیدا و لە بنەرەتدا لەسەر پرسی ریفراندۆم نیە، بەر لە هاتنەگۆریی ئەم باسە ئەو دابەشبونە هەتا لە ئاستی فراوان و توندتردا لە ئارادا بوو وەکو کێشەی ناوخۆی بورژوازی کورد لەسەر دابەشکردنی داهات و دەسەڵات. کاتێک مەسەلەی ریفراندۆمیش هاتەگۆرێ دیسان لە چوارچێوەی ئەو دابەشبونەی پێشتردا مامەڵەی لەگەڵ کرا. بۆیە دابەشبونەکە لەسەر ریفراندۆم نیە، بەرلەوە هەبوە، بەڵام سیاسەتی نابەرپرسانەی هەردوو جەمسەری ناسیۆنالیستی کورد وایکردووە کە خواست و مافی ریفراندۆمیش بکەن بە قوربانی بەرژەوەندە کۆنەپەرستانەکانی خۆیان و بیخەنە ناو کێشمەکێشی کۆنەپەرستانەی نێوان خۆیانەوە. بە بروای من نە پارتی و بارزانی و یەکێتی و نە گۆران و ئیسلامیەکانی هاوپەیمانی، هیچیان لە روانگەی بەرژەوەندی خەڵکی کوردستانەوە لایەنگری یان دژایەتی ریفراندۆمی ٢٥ سەپتەمبەر ناکەن و هیچ ماوف و بەرژەوەندیەکی خەڵک لەو کێشمەکێشەدا جێگای نیە.

من لە روانگەی خۆمەوە دەستەبەربونی مافی خەڵکی کوردستان و کۆتایهێنان بە گرێی سەرەتانی کێشەی کورد و رق و کینە و بەرامبەرکێی قەومی، هەرکات دەرفەتێک دەستیدا بۆ ریفراندۆم پێویستە هەوڵبدرێت بقۆزرێتەوە و لە ئەجندای جەمسەر و هێزە کۆنەپەرستە جیهانی و محەلی و ناوچەییەکان دور بخرێتەوە و هەوڵبدرێت بە قازانجی خەڵک و ئازادی و جەماوەری کرێکار و ستەمکێش بە سەرئەنجام بگات. دوابریاریش لەسەر ریفراندۆمی ٢٥ سەپتەمبەر دەکەوێتە سەر ئەوەی کە گشت پرۆسەکە چۆن بەرێوە دەچێت؟ چەندە بواری رادەربەین و پروپاگەندە بە هەموو لایەنەکان و بۆچونە جیاوازەکان دەدرێت؟ چەند پرۆسەیەکی دور لە زەخت و بەکارهێنانی هێز دەبێت؟ چەند گوزارشت لە رای خەڵک دەکات؟ من چاوەروانی ئەوە ناکەم لە سایەی دەسەڵاتی بورژوازیدا ئەویش لە جۆرە میلیشاییەکەی ریفراندۆمێکی بە واقعی ئازاد بەرێوەبچێت، گومانم لەوە نیە کە پێشێلکاری زۆر دەکرێت، بەڵام ئەگەر لانی کەم بە پێوانەی دەنگدان و هەڵبژاردنێکی بۆرژوای بەرێوەبچێت، باشترە لەوەی ئەم پرسە بەشەڕ و کێشە یەکلابێتەوە یان لەسەروی خەڵکەوە بەندوبەستی پێبکرێت.

**هاوپشتی: لایەنگرانی ریفراندۆمی ٢٥-٩ ئەم پرۆژە سیاسیە وەک رێگاچارەی مەسەلەی میللی لە کوردستان پشتگیری لێ دەکەن. ئەمرۆ مەسەلەی میللی لە کوردستان چییە؟**

**رێبوار ئەحمەد:** وا باشترە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکەت سەرنج لە برگەیەکی بەرنامەی کۆمۆنیزمی کرێکاری (دنیایەکی باشتر) بدەین. لەویدا هاتووە دەڵێ " لەو حاڵەتانەدا کە پێشینەی ستەمی میللی و دژایەتی نێوان خەڵکی سەر بە میللەتە جیاجیاکان پێکەوە ژیانی ئەوانی لە چوارچێوە ولاتییەکانی ئێستادا دژوار و پر لە دەردەسەری کردووە، حیزبی کۆمونیستی کرێکاری مافی جیابوونەوەی میلەتانی ستەملێکراو و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ لە رێگەی گەرانەوەی راستەوخۆ بۆ رای خودی ئەو خەڵکە، بەرەسمی دەناسێ ."

بۆ لاپەڕە 3

⟸ سەربەخۆیی تەنها بەمەرجی بێ پارتی قەبول دەکەن، یان لەگەڵ ئەو رفراندۆم و سەربەخۆییەدان وەک شۆڕشێک پارتی و بارازنی پێوە رامالێت، ئەتوانم بڵێم لەگەڵ ناواقعی بونی ئەم بۆچونەو هەر جیاوازیەکمدا بۆیان، ئەمەش رێگاو بۆچونێکە هیوادارم سەرکەوتوبن.

لەوانەیە ئەوانەی کە بە پاساوی بەهێز بونی پارتی رەتی ئەم رفراندمە دەکەنەوە، لەسەر وەڵامی قسەکانی من ئەو پرسیارەمان لێ بکەن و بڵێن باشە ئەم دەورەی کۆمۆنیزمی کرێکاری لە پرۆسەی رفراندۆمدا دەیگێڕێت، ئایا پارتی لاواز دەکات؟، هەڵویستی ئێمە لەسەر ئەم مەسەلە تایبەتە یا تاکتیکی بەشداری ئێمە لە رفراندۆم و دەنگدان بە سەربەخۆیی لەم رفراندۆمەی پارتی مەترەحی کردووە یا هەرلایەنێکی تر مەترەحی بکات لەو هاوکێشەیەوە نیە کێ بەهێز دەبێت کێ لاواز دەبێت، خودی ئەم مامەڵەیە بەم شێوەیە بۆ خۆی نادروستە و ناگات بە ئاکامێکی سیاسی بۆ ئالوگور لە هاوسەنگی هێز لە بەرژەوەندی خەباتی جەماوەریدا، لەهەمان کاتدا بە هیچ جۆرێک وەستان و راگرتنی کێشمەکێش و شەری جەماوەری نارازی نیە بە دەسەلات و بە پارتی، ئەوە رێکخستن و بەردەوامی نارەزیەتیەکان و شیوازی گونجاوی خەبات و رێکخرابون و هوشیاری و سەربەخۆبونە لە ئاسۆی ناسیۆنالستی و مەزهەبی ئەو هاوکێشەیە دەگۆڕێت، نەک رەتکردنەوەی رفراندۆم یان دەنگی بەڵێ و نەخێر، چونیەتی دەورو دەخالەتمان لەم رفراندۆمەدا بۆ کۆتایی هێنانە بە کێشەیەک کە چەندین ساڵە مامەڵەو بازرگانی پێوە دەکرێت لە ژێر ناوی ستەم و مەسەلەی کوردا، بەردەوام بۆگەناوی نەتەوەپەرستی دەرخواردی خەڵک دەدرێت، ئێستا پارتی بە هەر هەلومەرج و ئالوگورو مەوقعیەتیکەوە هەیەتی ئەم مەسەلەیەی خستۆتە ناو شانۆی سیاسی کوردستانەوە، راست کات یان نا، جدی بێت یا ناجدی، هەر بەرژوەندیەکی خۆی تیا بەدی بکات، ئەمە بۆ خۆی فرسەتیکە و نابێ نادیدە بگیرێت، چونکە ئەوانەی پێشتر بە قەدەغەو ناپاسایی و نەگونجاو کفرو خەو باسیان دەکرد لەسەر رفراندۆم و سەربەخۆیی ئێستا بۆ خۆیان دەی جوڵێنین و کاری لەسەر دەکەن، بەشداری لەم رفراندۆمەدا و دەنگدان بە سەربەخۆیی فشارێکی جەماوەریە بۆ ئەو واقعیەتیە کە خودی حزبە ناسیۆنالستەکان جا ناچار بون یا پێویستان پێیەتی لەهەر ئاست و شیوازێکدا بێت هاتونەتە پای، با ئێمەش دەرگاکەی زیاتریان بۆ بکەینەوەو بەسەریاندا بسەپێنین و ئەم سەربەخۆییە بەسەرکەوتن بگەێنین، باشتر وایە ئەو کەسانەی موخالفی ئەم تاکتیکەی ئێمەن هیوای سەرکەوتنمان بۆ بخوازن.

## درێژەی.. گفتوگۆی دەزگای هاوپشتی لەگەڵ رێبوار ئەحمەد

دروست ئەمە مانای مەسەلەی میللی و کێشەی کوردە لە ئێستای کوردستانی عێراقدا. پێویست نیە لەوە زیاتر لەسەری بڕۆم چونکە لە زۆر بابەتی تردا هەمەلایەنەتر ئەمەم روونکردوەتەوە کە ئەمڕۆ مانا و ناوەڕۆکی مەسەلەی کورد و مەسەلەی میللی دوای نەمانی ستەمی میللی چ ئالوگۆڕێکی بەسەرهاتوە و بۆچی ئەم کیشەیە هەر بە چارەسەر نەکراوی ماوەتەوە. تەنها ئەوەش بڵێم کە بزوتنەوەی ئێمە هەمیشە ئەو راستیەی راگەیاندوە کە مەسەلەی میللی بە فیدرالیزمی قەومی چارەسەر نابێت بەڵکو بەم جۆرە ئەبەدیەت پەیدا دەکات. ئێستا ئێمە خەریکین ئەنجامی راستی ئەو لێکدانەوەیە دەبینین.

**هاوپشتی: دەمەوێ کۆنکریتر قسە بکەیت، لە عێراقی تازەدا ستەمی میللی بۆ خەڵکی کوردستان لە چی بەرجەستە دەبێتەوە؟**

**ڕێبوار ئەحمەد:** زۆر زۆر کۆنکریت بڵێم لە هیچدا! ستەمی میللی بونی نیە، ئەتوانم بڵێم بورژوازی کورد ئیمتیازیشی هەیە، هەم بەشی خۆی دەخوات و هەم لە دەسەڵات و داهاتی ناوەندیش داوای بەش دەکات. بەڵام ئەم دابەشکاریەی دەسەڵات لەسەر بنەمای قەوم و تائیفە، رق و کینە و دوبەرەکیەکی گەورەی لە ناو خەڵکی سەر بە نەتەوە و دین و تئیفە جیاوازەکان پێکهێناوە، ئەوان توانیویانە ئەم ئالا کۆنەپەرستانە بدەنە دەست خەڵکەوە و بیانکەن بە لەشکری پیادەی کێشمەکێشەکانی خۆیان .هەر بەم جۆرە توانیویانە تا رادەیەکی زۆر خەباتی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی کوردستان لە پێناو مافەکانیان لە دژی بورژوازی خۆیی، بەلارێدابەرن و ئاسۆ و ئاراستەکەی بگۆڕن بە هاوخەباتی کرێکار و بورژوازی کورد دژی دەوڵەتی ناوەندی و "نەتەوەی عەرەب".

ئەم فریوکاریە دەبێ تەواوبێت، رێگای دەستەبەربونی مافەکان و رزگاری کرێکار و زەحمەتێیشی کوردستان ئاراستەکردنی خەباتی ئەوانە دژی بورژوازی کورد و دەسەلاتەکەی. چارەسەری کێشەی میللی کۆمەک بەمە دەکات.

**هاوپشتی: پرسیارێک لەسەر کاردانەوە و هەڵویستی خەڵک لەبەرامبەر پرسی ریفراندۆمی ۲۵-۹ دا، زۆربەی زۆری خەڵکی کوردستان لەگەڵ سەبەخۆیی کوردستاندایە، بەڵام لە ئێستادا بەشێکی زۆری خەڵک ریفراندۆمی ۲۵-۹ رەتدەکەنەوە، قەبولیان نییە، ئەوە بۆ چی؟**

**رێبوار ئەحمەد:** من هۆکاری سەرەکی بۆ ئەوە دەگێڕمەوە کە دەسەلاتی گەندەڵ و تالانچی و ستەمکاری بورژوازی کورد بە تایبەتی بارزانی و پارتی و یەکێتی ئەمڕۆ لە پشتی ریفراندۆم راوەستان. ئەم دەسەلاتە و هێزەکانی ئەوەندە دەرد و محنەت و کارەساتیان بەسەر خەڵک هێناوە، ئەوەندە خەڵک ئارەزوی روخانیان دەکات، هەر ئەلتەرناتیوێک ئەوان پێی بڵێن باش لای خەڵکێکی زۆر ناپەسەندە. بێگومان وەکو هەمیشە ستەمکاری دەسەلات فەزایەک دروست دەکات و روانگەیەک بەهێزدەکات کە پێی وایە هەرچی دەسەلات و چەوسێنەران وتیان پێچەوانەکەی راستە. جاری وا هەیە تورەیی لە دەسەلات خەڵکێکی زۆربەرەو لایەنگری لە کۆنەپەرستانەترین و کارەساتبارترین ئەلتەرناتیو دەبات.

بۆ لاپەڕە 4

## درێژەی.. گفتوگۆی دەزگای هاوپشتی لەگەڵ ڕێبوار ئەحمەد

بۆ نمونە هەر لەم ڕوانگەیەوە لە ئاستێکی فراواندا خەڵک خۆشباوەڕ و هەتا لایەنگری جەنگی ئەمریکا بوون لە دژی عێراق، تەنها بۆ ئەوەی ڕژێمی بەعس بڕوخێ. بەڵام بینیمان لە ئاکامی ئەم جەنگەدا هەر ماف و ئاسەوارێکی ژیانی مەدەنی کە لە دەستی ڕژێمی سەدام ڕزگاری ببوو بەو جەنگە و سیناریۆکانی ئاکامی ئەوە جەنگە خاپور و وێرانبوو.

جگە لەمە ڕۆڵی هێزەکانی دیکەی بورژوازی کە لە بنەڕەتەوە لەسەر بەشی خۆیان لە دەسەڵات و داهات کێشەیان هەیە لەگەڵ دەسەڵات، ڕۆڵیان هەیە لە خۆلکردنە چاوی خەڵک. بە مانایەکی تر ئەوان زۆر هەلپەرستانە دەیانەوێ باجی خۆیان وەرگرن لە مەسەلەی ریفراندۆم. دەیانەوێ دەسەڵات بکێشنە ژێرباری داواکانی خۆیان و لەم بارەیەوە باکیان لەوە نیە کە پرسێکی گرنگی کۆمەڵگا بکەن بە قوربانی ئەم مەرامە.

**هاوپشتی: ئایا ڕێگا چارەی کۆمۆنیزم و کۆمۆنیستەکان بۆ چارەسەری مەسەلەی میللی جیابوونەوە و دەوڵەتی سەربەخۆیە؟**

**ڕێبوار ئەحمەد:** نەخێر! بەرنامەی کۆمۆنیزمی کریکاری لەم بارەیەوە دەڵێ" وەکو مەبدەئێکی گشتی، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری خوازیاری پێکەوە ژیانی خەڵکی سەر بە میللەتە جیاجیاکانە وەکو هاووڵاتیانی ئازاد و خاوەن مافی یەکسان لە چوارچێوە وڵاتییە گەورەترەکاندا کە سازدانی ڕیزی بەهێزی کرێکاری لە مەیدانی خەباتی چینایەتیدا ئاسان دەکات..."

بەڵام لە جێگایانە و لەو حاڵەتانەی کە ستەمی میللی یان پێشینەی ستەم و هەلاواردنی میللی یان دوبەرەکی و ناکۆکی نێوان خەڵکانی سەر بە نەتەوە جیاجیاکانی بە ئاستێک گەیاندبێت، کە پێکەوە ژیانی ئەوانی لە چوارچێوەی یەک وڵات و یەک دەوڵەتدا سەخت و دژوار و پڕدەردەسەر کردبێت، کۆمۆنیزم مافی جیابوونەوە بۆ ئەو میللەتەی ستەمیلێکراو و هەروەها پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆ لە ڕێگەی گەڕانەوەی ڕاستەوخۆ بۆ ڕای خودی ئەو خەڵکە، بەڕەسمی دەناسێ .

دەربارەی لایەنگری لە جیابونەوە، کۆمۆنیزم لە هەر برگەیەکدا بە لێکدانەوەی دیاریکراو بۆ هەلومەرجەکە لەسەر بناغەی قازانج و بەرژەوەندییەکانی تێکرای چینی کرێکار و خەڵکی زەحمەتکێش لایەنگری لە جیابونەوە دەکات. واتە لە ڕاستیدا لایەنگری لە جیابونەوە بۆ کۆمۆنیزم بە ناچاریە لەو هەلومەرجانەدا کە پێکەوەژیان سەخت و دژوار و پرکێشە دەبێت. بۆ نمونە ئێستا لە عێراق لە سایەی دەسەلاتێکی قەومی تائیفی و فیدراڵیزمی قەومی و بەو کێشە و دوبەرەکیەوە کە لە نێوان خەڵکانی کوردزمان و عەرەبزمان دروست کراوە، ئەویش لەو فەزایەدا کە نوقمی جەنگ و تیرۆر و سیناریۆی کارەساتبارە، کۆمۆنیزم بە ناچاری سەربەخۆیی بە چارەسەری کارساز دەزانێت.

**هاوپشتی: لەباری تاکتیکەوە،ئایا ئەم تاکتیکە خزمەت بەوە دەکات دەوڵەت لە کوردستان دروست بێت ؟ ئامانجی ئەم ریفراندۆمە سەربەخۆیی کوردستانە؟**

**ڕێبوار ئەحمەد:** ئەگەر لە بەشی کۆتایی پرسیارەکەتەوە دەست پێبکەم دەڵێم نەخێر! نابێ ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی بێت! بەڵکو ڕاپرسی خەڵکە لە نێوان دوو هەڵبژاردەی مانەوە یان جیابنەوە و دەوڵەتی سەربەخۆ. من پێموایە ئەو جەدەلە هەر لە بنەڕەتەوە نادروستە کە ئەوە دەکاتە بنەمای هەڵوێستی خۆی کە ریفراندۆم بۆ سەربەخۆییە یان نا؟ یان ریفراندۆمی بە مەرجی ئەوە قبوڵە کە بۆ سەربەخۆیی بێت. تەنانەت مەرج نیە ئەو لایەنەی پێشنیار یان لایەنگری ریفراندۆمە لایەنگری سەربەخۆییش بێت. پێشتر باسم کرد کە کۆمۆنیزم لە کاتێکدا پێشنیاری ریفراندۆم بۆ ئەم جۆرە کێشانە دەکات کە خۆی بە شێوەی مەبدەئی و وەکو قاعیدە لایەنگری مانەوە و پێکەوەژیانە، بە شێوەی ئێستسنا و بە قەید و شەرتەوە لایەنگری جیابونەوە دەکات. بەڵام بەدەر لەوەی پێشنیاری خۆی بۆ کام هەڵبژاردە دەخاتەڕوو، پێداگری لەسەر ریفراندۆم و بەرگریش لە جێبەجێ کردنی ئەنجامەکەشی دەکات وەکو میکانیزمێکی گونجاو بۆ ئەم جۆرە کێشانە. هەرکەس و هەر لایەنێک ئازادە خەڵک بۆ کام هەڵبژاردە بانگەواز دەکات. من بە کاری خۆم نازانم خوێندنەوە بۆ نیەتی هیچ هێزو لایەنێک بکەم. ئەوەی بۆ من گرنگە بۆ کۆتایهینان بەم کێشەیە ریفراندۆمێک درو لە زەخت و زۆر ئەنجام بدرێت و راپرسی بە خەڵک بکرێت. کۆمۆنیزم لەم هەلومەرجەی ئێستادا دەبێ لایەنگری لە جیابونەوە و دامەزرانی دەوڵەتی سەربەخۆی غەیرە قەومی و سیکیولار بکات. ئەگەر هەموو حزب و لایەنەکانی تر لایەنگری مانەوە بن لەگەڵ عێراق تۆزقاڵێک لەم مەسەلەیە ناگۆڕێ. گومانیشم لەوە نیە کە هەر حزب و بزوتنەوەیەک لە ڕوانگەی ئامانجە ستراتیژیەکانی خۆیەوە هەڵوێست لەم مەسەلەیە دەگرێت. من لە ڕوانگەی کۆمۆنیزمەوە وا دەزانم بە نەمانی ئەم کێشەیە کە بەرچاوی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێشی لێڵ کردوە لە خەباتیدا دژی بۆرژوازی کورد، کۆمەک دەکات بە پەرەسەندی خەباتی سەربەخۆی چینی کرێکار و جەماوەری ستەمدیدە لە پێناو مافەکانیان، هەروەها بۆ ئاڵوگۆری بنەڕەتی لە کوردستان و هەلومەرج لەبارتر دەبێت بۆ شۆڕشی کرێکاری. پارتی وبارزانی و یەکێتی و ئیسلامی و گۆران و...ئەتوانن لە ڕوانگەی بەرژەوەندی بزووتنەوە و چینەکەیانەوە دژی جیابونەوە یان لەگەڵی بن. من ئەوە بە قازانجی چین و بزووتنەوەکەی خۆم دەزانم کە هەتا ئەگەر سبەی دوای ریفراندۆم بەرامبەرکێی ناسیۆنالیزم کۆمۆنیزم بچێتە سەر جێبەجێکردنی بڕیاری خەڵک.

بۆ لاپەڕە 5

# پشتیوانی لە ناڕەزایەتیەکانی خەڵکی زەحمەتکێشی شاری "بانە" لە کوردستانی ئێران دەکەین!

ڕۆژی ٢ شەممە ڕێکەوتی ٤ی ئەیلول، خەڵکی زەحمەتکێشی شاری بانە لە کوردستانی ئێران، دژی کوشتنی دوو زەحمەتکێشی دانیشتووی شارەکەیان کە کاری کۆڵبەریان دەکرد لەسەر سنوری نێوان عێراق و ئێران، ڕژانە سەر شەقامەکان و لەبەردەم قایمقامیەتدا کۆبونەوەو داوای دەست لەکارکێشانەوەی قائمقام و سزادانی تاوانبارانیان دەکرد. جێی ئاماژەیە ساڵانە دەیان کۆڵبەر لەسەر سنوری ئەو ناوچەیە لەلایەن هێزە چەکدارەکانی ڕژێمی درندەی ئیسلامیەوە دەکوژرێن.

خەڵکی تورە لەبەردەم قائمقامیەتدا ئۆتۆمبێلی بەرپرسانی تاوانباری ڕژێم دەسوتێنن. خۆپیشاندان جارێکی دیکە بۆ ڕۆژوای دواتر، واتە ٣ شەممە بەردەوما دەبێت و کاربەدەستانی حکومەتی ئیسلامیش لەجیاتی وەڵامدانەوە بە خواستی ڕەوای خەڵک، تەقە لە خۆپیشاندەران دەکەن وچەند کەس بریندارو چەندینی دیکەش دەستگیر دەکەن. دژی ئەم پەلامارانەی چەکدارانی ڕژێم بۆسەر خەڵک، مانگرتنی گشتی لە شاری بانە دەست پێدەکات. لایەنە سیاسیەکانی نەیاری ڕژێمی ئێران و هێزە چەپ و کۆمۆنیستەکان بانگەوازی مانگرتنی سەراسەری و گشتی دەکەن بۆ پشتیوانی لە خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیەکانی خەڵکی بانەو ناچارکردنی ڕژێمی ئیسلامی بە ملدان بە داواکاریەکانیان.

ئێمە لەحزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستان، پشتیوانی خۆمان بۆ خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیەکان و خواستەکانی خەڵکی زەحمەتکێشی "بانە" ڕادەگەیەنین و هاوکات ئیدانەی ڕژێمی درندەی ئیسلامی و سەرکوتگەری دەکەین دەرهەق بەو تاوانانەی بەرامبەر بە خەڵکی زەحمەتکێشی بانەو ناوچە سنوریەکان ئەنجامی دەدات. هاوکات پشتیوانی لە خەباتی ڕەوای خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی ئێران و کوردستانی ئێران دەکەین دژی ڕژێمی کۆنەپەرستی ئیسلامی ئێران و لەپێناو پێچانەوەی ئەو ڕژێمە هارەی سەرمایە و دامەزراندنی دەسەلاتیکی جەماوەریی پشت بەستوو بە ئیرادە و بە دەورو دەخالەتی خەڵک.

**سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسی**
**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**
**٦ ی ئەیلولی ٢٠١٧**

## درێژەی.. گفتوگۆی دەزگای هاوپشتی ...

**هاوپشتی: پێشمەرجی هەر ریفراندۆم و دەنداگدانێکی ئازادی خەڵک ئازادانە دەنگدانە، لەماوەی رابردوودا شایەدی چەندین پێشێلکاری گەورە بووین بۆ کەسانێک دەنگیان جیاوازە، هەرەشە و چاوسورکردنەوە، لێدان و سوکایەتی،سوتاندن و داخستنی نوسینگە و کەناڵی تەلەفزیۆنی و راگرتنی پەخشی تەلەفزیۆنی نالیا و ... هیتر. ئەمە ئازادانە دەنگدانە؟ بەراستی ئەوە پێی دەوتری ریفراندۆم؟**

**ڕێبوار ئەحمەد:** بچوکترین پێشێلکاری وبەرگرتن بە رای ئازادی خەڵک و لایەنەکان پێویستە بکەوێتە بەرامبەری نەفرەت و ناڕەزایەتی و ئیدانەی خەڵک و هەموو لایەنگرانی ئازادی و بەرپاکردنی ریفراندۆمێکی دور لە زەخت و فشار. ریفراندۆم مافی خەڵکە، هەر جۆرە را و پێشنیارێک بۆ ئەم ریفراندۆمە مافی خەڵک و هەموو لایەنێکە، هەرجۆرە بەکاربردنێکی هێز و سەرکوت و دەمکوت، زەربەی گەورە لە پیادەکردنی مافی خەڵک دەدات. من هیچ گومانم لەوە نیە کە ئەگەر ئەم هێزە میلیشیاییانە زەخت و فشاری تونديان لەسەر نەبێت پرۆسەی ریفراندۆم جۆرێک دەبێت لەو دەنگدانانەی کە تا ئێستا بەرێوە چووە. هەڵبەت لە هیچ کاتێکیشدا چاوەڕوانی ئەوە نیم کە هیچ پرۆسەیەکی دەنگدانی بە تەواوی ئازاد لە سیایەی سیستەمی بورژوازی و بە تایبەتی ئەم دەسەلاتە مافیایە بەرێوەبچێت. لە کاتی ریفراندۆمی بەریتانیای لانکەی دیموکراسی بۆ مانەوە یان دەرچون لە یەکێتی ئەوروپا؛ شەخصیەتی بەرجەستەی چەپ و نەیاری رای دەسەلات "Jo cox" تیرۆرکرا. ناتوانین چاوەڕوانیەکی لەوە زیاترمان لە یەکێتی و پارتی هەبێت. ئەم گۆڕانەی کە ئێستا گلەیی لە یەکێتی و پارتی دەکات لەسەر پێشێلکردنی ئازادی و دیموکراسی، لە رابردوودا کاتێک لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی یەک هێزبوون، لە بەرامبەر بەرزکردنەوەی ئاڵای ریفراندۆم، لەدژی ئێمە حوکمی قەرەقوشیان دەرکرد و بە چەک پەلاماریاندایین و کوشتاریان لێکردین. زۆریکیش لەوانەی ئەمرۆ دەنگیان دەرهاتوە ئەوکات بیدەنگیان هەڵبژارد. بەهەرحاڵ هەر رادەیەک لە ئازادی گرێیخواردوە بە لە مەیدان راوەستانی خەڵک و بەرەی ئازادیەوە. دەبێ گەروی ئەمانە بگوشین و ئازادی لە دەستیان دەربهێنرێت. بێگومانیش کاتێک بینیمان کە ئیتر مەجالێک بۆ ریفراندۆم نەماوە و بوە بە سیناریۆ، دەبێ مەحکوم و تەحریمی بکەین و بانگەوازی خەڵک بکەین بۆ ناکام کردنەوەی.

**ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاریی!**

# ئایا "نەخێر بۆ ریفراندۆم لە ئێستادا" نەخێرە بەدەسەڵاتی بۆرژوایی- میلیشیایی ئێستا!؟



**موحسن کەریم**

ریفراندۆم بە سادەیی بۆ ئەوەیە بە"بەڵێ یان نەخێر" دەنگ لەسەر پرسێکی دیاریکرو بدرێ کە پەیوەندی بە خەڵکەوە هەیە، جائەو پرسە سیاسی بێت یان ئابوری، کۆمەڵایەتی بێت یان فەرهەنگی وتاد. لە پرسی مەسەلەی کورد لە عێراقدا، ریفراندۆم بۆ ئەوەیە کەخەڵکی کوردستان بڕیاربدەن پەیوەندی خۆیان لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا چۆن رێکبخەن. ئایا لەگەڵ عێراقدا بمێننەوە یان جیاببنەوەو دەوڵەتی سەربەخۆ پێک بهێنن.

تا ئێستا کە پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراق بەشێوەی فیدراڵیزمی نەتەوەیی، لەلایەن حزبە بۆرژواییەکانی کوردەوە لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا بڕیاری لێدراوە، هیچ دەورو نەخشێکی خەڵکی کوردستان لەم بڕیارەدا نەبوەو پرس بە خەڵک نەکراوەکە ئایا فیدراڵیزمی دەوێ یان سەربەخۆیی. بڕیارێک کە پارتی و یەکێتی و حزبەکانی دیکەی بۆرژوازی داویانە دوای ساڵی ٢٠٠٣ بۆمانەوە لەعێراقدا لەسەر بنەمای فیدراڵیزمی نەتەوەیی، نوێنەرایەتی دەنگی خەڵک ناکات! باشترین بەڵگەش بۆ ئەم قسەیەی من ئەو ریفراندۆمە نافەرمیە بوو کە ساڵی ٢٠٠٥ لەپاڵ دەنگدان بۆ دەستوری عێراق دائەنجام درا، زیاتر لە ٩٨٪ی خەڵکی کوردستان کە مافی دەنگدانیان هەبوو، واتە نزیک بە ٢ ملیۆن کەس، دەنگیان بۆ سەربەخۆییدا!

ئێمە هەرئەوکاتە ووتمان فیدراڵیزمی نەتەوەیی رێگاچارەیەکی کۆنەپەرستانەیەو کێشەی کورد چارەسەر ناکات، بەڵکو بەکراوەیی دەیهێڵێتەوە. جیاکاری و کێشمەکێش و ناکۆکی نەتەوەیی رەسمیەت پێدەدات و بەرینی دەکاتەوە. هەموو ئەوە دەبینین کە چۆن دەمارگیری و رقوکینەی نەتەوەیی بووەتە دیاردەیەکی مەترسیداری کۆمەڵگای عێراق. ئێمە بەردەوام هوشداری ئەوەمان داوە کە بە تێکچوونی ئەو هاوسەنگیەی فیدراڵیزمەکەیان لەسەر بنیات ناوە، ئەگەری سەرهەڵدانەوەو توندبوونەوەی کێشە و ملانێی نێوان بۆرژوازی کوردو عەرەب لە گۆڕێدایەو لەسەر ئەو بنەمایەشەوە، دەرگا بەرووی باوەشێنکردنەوەی کێشەی نەتەوەیی و بەگژیەکداکردنی کورد وعەرەب و نەتەوەکانی دانیشتوی عێراق دەکرێتەوە!

ئێستا باڵی دەسەڵاتداری بۆرژوازی کورد( پارتی و بارزانی و بەشێکی دیکە لە حزب و لایەنە سیاسیەکانی چیننی بۆرژوازی) هاتونەتەوە پای ریفراندۆم بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەی نیوان خۆی و حکومەتی ناوەند، کە راستەوخۆ پەیوەندی بە یەکلا کردنەوەی کێشەی نێوان خەڵکی کوردستان و دەوڵەتی عێراقەوە هەیە! بەداخەوە بۆرژوازی کورد توانیویەتی کێشەی خۆی لەسەر دەسەڵات لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا بکاتە کێشەی کورد لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی. ئەمە نە بەدەستی ئێمەو چینی کرێکارو نە بەدەست خەڵکی کوردستان و تەنانەت بەدەستی خەڵکی عێراقیش نیە! ئەمە راستیەکی تاڵەو دەبێ دانی پێدا بنێین. تەنانەت بۆ دەیان ساڵ خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی کورد لەسەر دەستی ئەمانەدا کراونەتەوە سوتەمەنی جەنگی خۆیان لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندیدا، لەسەر بنەمای ستەمێک کە دەوڵەتی ناوەندی لە خەڵکی کوردزمانی کردوە.

ریفراندۆم بکرێ یان نەکرێ، دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد ئێستا زاڵە لە کوردستان. ریفراندۆم بکرێ یان نەکرێ پارتی دەسەڵاتداری یەکەمی کوردستانە. ریفراندۆم بکرێ یان نەکرێ، هەژاری و برسێتی و نەبوونی و بێمافی هەرئێستا هەیە و بەردەوامە. بەڵام مەسەلەیەک کە دەگۆڕێت ئەوەیە، ئەگەر ریفراندۆم بکرێ و خەڵک دەنگ بە جیابونەوە بدەن و دەوڵەتی سەربەخۆ دروست بکرێت، ئەوا کۆتایی بە گرفتێک دێت کە هەمیشە بۆرژوازی کوردو بزوتنەوەو حیزبە سیاسیەکانی بەناوی <u>کێشەو پرسی کوردەوە</u>، لەلایەکەوە خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستانی کردۆتە سوتەمەنی سیاسەتە بۆرژواییە نەتەوەپەرستەکانی خۆی و قوربانیان لێوەردەگرێ. لەلایەکی دیکەشەوە ئەو بیانوەیان لەدەست دەردەهێنێ کە خەباتی خەڵک دژی دەسەڵاتە گەندەڵ و چەوسێنەرەکەیان چەواشەو بە لاڕێدابەرن بەناوی ئەوەی کە دوژمنانی کورد لە بەغدا مافەکانی خەڵک پێشێل دەکەن، بودجە دەبڕن و بەشی خەڵکی کوردستان لە داهاتی گشتی نادەن و تاد.! بێجگە لەوەش بەچارەسەربوونی ئەو گرفتە، ئەو فرسەتە لەو باڵەی بۆرژوازی کورد کە خۆی لەبەرەی نارازی دەسەڵاتدا دەبینێ، دەسەنێتەوە بۆئەوەی خۆیان بکەنە دەمڕاست و کوێخای خەڵک. ترسی ئەم باڵەی بۆرژوازی کورد لە ئەنجامدانی ریفراندۆم ئەوەیە کە دەستمایەی یاریە قێزەونەکەی لەدەست بچێت، بۆیە وانیشان دەدات رازی بوون بە بەرپاکردنی ریفراندۆم، مانای "بەڵێ"یە بۆمانەوەی پارتی لەدەسەڵاتداو دەنگی "نەخێر"یش دژایەتیکردنی ئەو

بۆ لاپەڕە 7

# درێژەی ئایا "نەخێر بۆ ریفراندۆم لە ئێستادا" نەخێرە بەدەسەڵاتی بۆرژوایی- میلیشیایی ئێستا!؟

هەلومەرجەیە کە پارتی و هێزە دەسەڵاتدارەکانی دیکە خوڵقاندوویانە بۆ خەڵک. وەکو ئەوەی لەسەر کارتی دەنگدانی ریفراندۆم نوسرابێت:"رازیت لەسەرمانەوەی مەسعود بارزانی لە پۆستی سەرۆکی هەرێمدا، یان رازیت کە مەسعوود بارزانی ببێت بە سەرۆکی دەوڵەتی کوردستان!؟"

ئەوان دەیانەوێ وانیشان بدەن کە ئەگەر بڵێی "بەڵێ"، مانای وایە دەتەوێ بەرزانی لە پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم بمێنێتەوە، یان لەوە زیاتر، ئێستا دەوڵەتی کوردستان دروست بوەو کێشە لەسەر ئەوەیە کە مەسعود بارزانی ببێ بەسەرۆکی دەوڵەت یان نەبێت!؟ پرسیارەکەی ریفراندۆم روونە و وەڵامەکەی روونترە! " ئایا لەگەڵ جیابونەوە لە عێراق و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆیت یان لەگەڵ مانەوە لەعێراقدا!؟". ئەگەر بڵێی "نەخێر" مانای وایە دەتەوێ لەگەڵ دەوڵەتی نەتەوە پەرست و شۆڤێنیستی ئیسلامی ئێستا عێراقدا بمێنیتەوە. ئەمجارەیان ئێتر ئەوە خەڵک خۆیانن کە دەنگ بەمانەوە لەچوارچێوەی عێراق و فیدراڵیزمی نەتەوەیی دەدەن، نەک کۆمەڵێک حزبی ناسیونالیستی کورد لەسەرووی خەڵکەوە کوێخایەتی بکەن و بڵێن فیدراڵیمان پێباشە! کەواتە بەکردەوە دەنگی نەخێر مانای هێشتنەوەی فیدراڵیزمی نەتەوەیی ئێستا و قبوڵکردنی دەسەڵاتی دەوڵەتی ئیسلامی- نەتەوەپەرستی ئێستای عێراقە. هەروەها لەسەرێکی دیکەوە، نەخێر بۆ ریفراندۆم و بگرە دەنگی نەخێر بۆ سەربەخۆیی، مانای هێشتنەوەی هەمان ئەم دەسەڵاتە میلیشیاییە بنەماڵەییەی کوردستانی ئێستایە، نەک لاوازکردن و روخاندنی!

هەلومەرجی ئێستا بەهیچ جۆرێک لەقازانجی خەباتی خەڵک نیە بۆ رزگاری و گەیشتن بە مافی و ئازادیەکانی، بەهیچ جۆرێک لە بەرژەوەندی بزوتنەوەی سۆشیالیستی چینی کرێکار نیە. دەسەڵاتی میلیشیایی لەکوردستان و هێشتنەوەی جیاکاری و کێشمەکێش و پەرەدان بە دەمارگیری نەتەوەیی لە بەرژەوەندی چینی کرێکارو بزوتنەوەکەی نیە!

بەڵام ئایا ئەو هێزو لایەنانەی لەپشت "نەخێر بۆ ریفراندۆم" راوەستاون بەراستی دژی دەسەڵاتی نایەکسان و چەوسێنەرانەی بۆرژوازی کوردن یان تەنها دژی دەسەڵاتی پارتین!؟ گومان لەوەدا نیە کە ئەوە هێزانەو ئەو بزوتنەوەیەی بەناوی (نەخێر بۆ ریفراندۆم لە ئێستادا) دژایەتی ریفراندۆم دەکەن، لەلایەن باڵێکی بۆرژوازی نارازی کوردەوە رابەری دەکرێت. ئەم باڵەی بۆرژوازی کێشەی لەگەڵ بەشەکەی دیکەی بۆرژوازیدا کە دەسەڵاتی حکومەتی بەدەستەوەیە ئەوەیە کە بازاڕی کوردستانی قۆرخ کردوە، زۆربەی بنکەو دامەزراوە ئابوریە گرنگەکانی خستوتەژێر دەستی خۆی و توانای سیاسی و جێگاورێگای خۆی لە دەسەڵات و حکومەتدا بەکاردەهێنێ لەبەرژەوەندی سەرمایەکەی. دەنا ئەمیش هەمان سیستەمی ئابوری و سیاسی ئێستای بەشێوەیەکی گشتی قبوڵەو بگرە حکومەت و هەلومەرجی سیاسی ئێستا بە ئەزمون و دەسکەوتێکی گەورەی "گەلی کوردستان" دەزانێ کە دەبێ پارێزگاری لێبکرێ! رەخنەکەیان لە پارتی ئەوەیە کە ئەم ئەزمونەی شێواندوەو گەندەڵی کردوە!

ئەم باڵە نارازایەی بۆرژوازی لە پرسی ریفراندۆمدا هەمان ترسی هەیە کە بۆرژوازی خاوەن دەسەڵات، دەسکەوتێکی سیاسی دیکە بۆ خۆی لەسەر حسابی ئەم مسۆگەر بکات و ئەوەندەی دیکە پایەکانی دەسەڵاتی پتەوتر بکات. بەوجۆرەش بەتەواوی دەست بگرێ بەسەر بازاڕی کارو سەرمایەی کوردستاندا و پێگەی ئابوری لاوازبکات و دەرفەتی قازانج و سوود بۆ ئەم کەم بکاتەوە!

ئەم باڵە نارزایە، بۆئەوەی بەرژەوەندیە سیاسی و چینایەتیەکانی خۆی لە بەرگێکی رەواو گشت پەسەندەوە بپێچێ، راستەوراست بانگەشەکانی لە مەیدانی ململانێیەکی راشکاوی نێوان دوو باڵی سەرمایەدا لەسەر بەشکردنی بازاڕ و تاڵانکردنی بەرهەمی رەنجی کرێکارو زەحمەتکێشی کورد، بەیان ناکات، بەڵکو دەست دەبات بۆ ئەو گرفت و کێشانەی ژیان و گوزەران و ئەو بێمافیانەی خەڵک بەهۆی دەسەڵاتی ئەم باڵەی بۆرژوازیەوە تووشی هاتوون و بەسەریاندا سەپێنراوە. لەلایەکەوە دەیەوێ سەرجەم سیستەمی سەرمایەداری کوردستان و چینی بۆرژوازی لەم خەتایە پاکانە بکات و بیکات بە خەتای بەشێکی فەرمانڕەوای قۆرخکار و تالانچی و تەماحکار! لەلایەکی دیکەشەوە بیکاتە کەرەستەیەکی پڕوپاگەندەیی بۆ هەڵخراندنی جەماوەری بێبەشی کوردستان لەدەوری سیاسەت و کردنیان بە زەخیرەی جێبەجێکردنی بەرژەوەندیە سیاسی و ئابوریەکانی. بۆ ئەم مەبەستە دەست بۆ هەرچی چەواشەکاریەک دەبات.

لەسەر ئەم بنامەیەوە، لە پرسی ریفراندۆمدا، دەستی بردوە بۆ ساختەکاریەکی سیاسی و وا رادەگەیەنێ کە ریفراندۆم بۆ توندکردنەوەی دەسەڵاتی ئەو حزبانەیە کە لەسەر دەسەڵاتن و بەتایبەتی پارتی و پەیوەندی بە چارەسەری کێشەی کورد و مەسەلەی سەربەخۆییەوە نیە! دەیەوێ ئەوە بە خەڵک قبوڵ بکات کە ئەگەر بەشداری لە ریفراندۆم دا بکەن مانای وایە دەنگ دەدەن بە بارزانی و بە برسیکردن و گەندەڵی و تالانچیتی! لەکاتێکدا ریفراندۆم

بۆ لاپەڕە 8

# ڕاستیەکانی پشتی ڕێکەوتنەکەی نیوان حزبولای لوبنان وهێزەکانی داعش



**خەسرەو سایە**

هەواڵی گواستنەوەی چەکدارانی داعش لە سنووری لوبنانەوە بۆ دێرزوّر و نزیک سنوورەکانی عێراق، بەپێی ڕێکەوتنی نێوان رووسیا و سوریا و حزبولای لوبنان و چەکدارانی داعش، لێکدانەوەی جیاوز وکاردانەوەی جۆراجۆری بەدوای خۆیدا هێنا.

لەبەرامبەر ئەم ڕیکەوتنەدا، ئەمریکاو هاوپەیمانانی لەزمانی گوتەبێژەکەیەوە، راین دیلن، رایگەیاند کە"ئەم ڕیکەوتنە فرسەتدانەوەیە بەتیرۆریستان و هەرگیز ڕێگەش نادەین بەم هێزانەی داعش لەسنورەکانی نزیک عێراقەوە نیشتەجێ بکرێن، هەروەها لە هەوڵیشدا دەبین بۆ لێدانو بۆردومانکردنی لەکاتی گواستنەوەیاندا".

لەلایەکیتریشەوە عەبادی سەرۆک وەزیرانی عێراق، رایگەیاند کەگواستنەوەی ئەم هێزە بۆسەر سنورەکانی عیراق، کارێکی پەسەندکراو نییە، وراستەوخۆش بانگەوازی ئامادەباشی هێزە سەربازیەکانی کرد بۆ گرتنەوەی شارۆچکەی قائیم. لەکەنار ئەم دۆخەشەدا سەرانی حکومەتی هەرێم ئەم ڕیکەوتنەی نێوان داعش و حزبولاو بزواندنی هێز بەرەوسنورەکان، بەمەترسی بۆسەر کوردستان هۆکارێک بۆ دواخستنی شەری حەویجە ئاماژەی پێکرا. ئەمە لەکاتێکدایە هاوشێوەی ئەم ڕیکەوتنەی نێوان حزبولای لوبنان وداعش، دەنگوی ڕیکەوتنی سەربازی نێوان هێزەکانی عیراق وداعش لەتەلعەفەر، کەوتە سەرزاری میدیاکان وئەوەشی بەدوای خۆیدا هێنا کەدەسەڵاتدارانی هەرێم وەک ئاکامێک لەم ڕیکەوتنە ژێربەژێرە ژمارەیەکی زۆر لەهێزەکانی داعشیان گواستۆتەوە، لەژێر پەردەی خۆ تەسلیمکردن بەهێزەکانی پێشمەرگەدا. بەڵام وەک وتراوە ئاگر بەبێ دوکەڵ نابێت، تەسریحاتەکانی مالیکی لەمبارەوە دوکەڵی ئاگرێک ئاشکرا دەکات کەلەجەنگی ڕۆژهەلاتی ناوەراستەوە بەرزەبێتەوە وپریسەکانی دەگاتە کوردستانیش. کەوایە راستیەکانی پشتی ئەم ڕیکەوتنانەی نیوان لایەنەکان وداعش لەچیدایە؟

بێگومان هەر جەنگێک لەرەوتی خۆیدا، مەحکومە بەدانوسان و ڕیکەوتنی لایەنە دەرگیرەکان، بەلام ئەم حوکمە لەجەنگێکدا، کەهەردوو بەرەی

بۆ لاپەرە 9

# بۆرما.... پاکتاوکردنی قەومی و ئاینی!

بەدوای بڵاوبوونەوەی هەواڵەکانی کوشتاری بەکۆمەڵی خەڵکی میانمار، جارێکیتر کۆمەڵگای بەشەری شاهیدی شەپۆلێکیتر لەپاکسازی قەومی و ئاینی لەوڵاتی بورما بووەوە، کە تێدا هەزاران کەس لەژن و مندال وخەڵکی سڤیل لەگەڵ کوشتارو ماڵوێرانی و ژیانی ئاوارەیی بەرەو رووکردوەوە. بێگومان ئەم رووداوە ئەڵقەیەک لە زنجیرەی کارەساتە دڵتەزین و دژی ئینسانیەکانی دونیای ئەمرۆ نمایشدەکات، کەتیدا جەنگ و میلیتاریزم و تیرۆرو ئینسان کوژی، کردۆتە بەشێکی جیانەکراوەی دەسەڵاتداریتی بۆرژوازی جیهانی کەبەبەرگی دیمکراسی و و ئینسان دۆستییەوە خۆی بەسەر موقەدراتی کۆمەڵگای بەشەریدا داسەپاندووە. کوشتاری بەکۆمەڵی خەڵکی رەوەندا، کاولکرای و ماڵوێرانکردنی خەڵکی عێراق، کوشتارگایەک کە لەسوریا و یەمەن بەرێخراوە، تا دەگاتە کوشتاری بەکۆمەڵی یەزیدیەکانی شەنگال، هەمووبان لەچوارچێوەی سیستەم ودەسەلاتی بۆرژوازی وسەرمایەداریدا بەرێوەدەبرێن. بەبێ ئەوەی دامودەزگای نێونەتەوەیی و بەشەردۆستی، دادگای جیهانی وسەرچاوەکانی مافی مرۆڤ ودیموکراسی، کەلافی بێلایەنی لێدەدەن، لانی کەم تونیبێتیان، وەیا بیانەوێت

بۆ لاپەرە 9

# درێژەی ئایا "نەخێر بۆ ریفراندۆم لە ئێستادا" نەخێرە بەدەسەلاتی بۆرژوایی- میلیشیایی ئێستا!؟

هیچ پەیوەندیەکی بە دیاریکردنی شێوازی دەسەڵاتەوە نیە! لەوەش واوەتر،هێشتا خودی بەشداریکردن لە ریفراندۆمدا هیچ شتێک لە مەسەلەکە ناگۆرێت! واتە ئەو پروپاگەندەیەی کە دەڵێن بەشداریکردن لە ریفراندۆم دا مانای بەهێزکردنی پارتیە، چەوشەکاری و خۆڵکردنە چاوی خەڵکە، چونکە دەکرێ خەڵک بەشداری لە ریفراندۆمدا بکات و دەنگ بدات بە رێگاچارەیەک کە دژی پێشنیارەکەی بارزانیە! ئەگەر نەیارانی ریفراندۆم لەناو بۆرژوازی کورددا، دەنگدان بە سەربەخۆیی بەقازانجی پارتی لێک دەدەنەوە و بانگەشەی ئەوە دەکەن کە دەسەڵاتەکەی پتەوتر دەکات، خۆ دەنگدان بە نەخێر هەلومەرجی ئێستا ناگۆرێ، کە پارتی دەسەڵاتداری یەکەمی هەرێمی کوردستانەو هەموو هێزەکانی دیکەی بۆرژوازی کورد دەبێ چاوەروانی دەستی ئەو بکەن تا لە "پەرلەمان" و حکومەتدا بەشداریان بکات! هەمان وەزعی ئێستا دەهێڵێتەوە، کە هێزی میلیشیا دەسەڵاتدارو خاوەن بریارەو گرفتەکانی خەڵک لەرووی ژیان و بژێوی و بێمافیەوە وەکو خۆیان دەمێننەوە. بێجگە لەوەی هێشتنەوەی کوردستان لەناو گێژاوی فیدرالیزمی نەتەوەیدا، هەمیشە سێبەری مەترسی و شەری نێوان هەرێم وناوەندا بەسەر سەری خەڵکەوە هاتوچۆ دەکات و لە دوودڵی و دڵەراوکێدا دەیانهێڵێتەوە رەنگە سەر بکێشێتە شەری نەتەوەییش!

# ڕاستیەکانی پشتی ڕیکەوتنەکەی نیوان حزبوڵای لوبنان وهێزەکانی داعش

تیرۆریزمی ئیسلامی و تیرۆریزمی نیو دەوڵەتی خستوتە، نیو چوارچیوەی جەنگ و ملاملانێی هیزە ئیمپریالیستی و ناوچەییەکانەوە، لەسەر دابەشکردنەوەی ناوچەکانی نفوز لەرۆژهەڵاتی ناوەراستداو بۆ شکلدان بە تەوازنی نیوانیان لەئاستی جیهاندا، ناوەرۆکو روالەتیکی جیاوازتری لەهەر جەنگیکی تر بەخۆیەوە گرتووە. ئەوە راستە کەداعش لەگەڵ شکستیکی سەربازی گەورە بەرەورووە وتەقریبەن دەسەڵاتداریتی خەلافەتەکەی لەسەرکیترین پیگەی خۆیدا بەتایبەت لەموسل دۆراندووەو تادیت، مل بۆ پاشەکشەی زیاتر دەنێ، وەهەر ئەمەش ئیمکانی داوە بەوەی کەحزبولا دەست بۆ ریکەوتنیکی لەم جۆرە بەریت، بەڵام ئامانج وستراتیژیک کەهیزە ئیمپریالیستیە دەرگیرەکانی وەک روسیا وئەمریکاو رۆژئاوا، لەجەنگی سوریاو رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، بەشوێنیەوەن، واوەترە لەئامانجێکی روتی سەربازی لەشەریاندا لەدژی داعش. بەتایبەتی کەداهاتوی جیهانی سەرمایەداری وجیگاورپیگای هیزە ئیمپریالیستیەکان، دابەشکردنەوەی رۆژهەڵاتی ناوەراست و حەوزەکانی ئیقتسادو سیاسەت، سیستەمی ئەمنی ناوچەکەو هینانە کایەوەی هاوکیشەی تازەی هیز لەنیوان دەوڵەتانی ناوچەکە لەوانە تورکیا، سعودیە، ئیران وئیسرایل.. هەروەها جیگاورپیگاو بەرژەوەندی هیزە محلەیەکان، لەوانە ناسیونالیزمی کورد بەگشتی، ناسیونالیزمی عەرەبی ورەوتی سونەگەرایی.. هەموو ئەمانە لەگەڵ یەکانگیربوونی دەیان کێشەو گرفتی میژویی وسیاسی و ئابوری وئەمنی، لەپاڵ بەریەک کەوتنی بەرژەوندی جیاوازی هیزەکاندا، رۆژهەڵاتی ناوەراستی گۆریوە بەبەستەریک بۆ یەکلاکردنەوەی مەسەلە بنەرەتیەکانی دونیای سەرمایەداری ئەمرۆ، ئەویش لەکەناڵی جەنگیکەوە کەلەئارادایەدا. جەنگیک کەتادیت کلپەدەسەنێ وداهاتوی ریکەوتنی یەکجاری نیوان لایەنەکان وکۆتایی هاتنی لەتونێلیکی تاریکدا جێهێشتووە. هەربۆیە ناکرێ ریکەوتنی نیوان حزبولای لوبنان و روسیاو حکومەتی سوریا لەگەڵ داعش بەسەرەتای کۆتایی هاتنی جەنگ لەرۆژهەڵاتی ناوەراستدا، وەک لەقەڵەمبدرێ، ئەوەی بەشیک لەمیدیاکانی جیهان ئاماژەی بۆدەکەن.

تەنانەت ناتوانرێ ئەم ریکەوتنە بەهەنگاویک لەراستای کۆتایی یەکجاری بەخودی داعش لەناوچەکەدا وەربگیریت. کەوایە دیسانەوە راستیەکانی پشتی ئەم ریکەوتنە لەکویدایە وبەرهەمی چ واقعیاتیکە؟ بیگومان یەکیک لەئاکامەکانی شکستی سەربازی داعش لەعیراق ولەدەستدانی پیگەی سەرەکی خەلافەتەکەی لەموسل، لاوازبونیەتی لەبەرەکانی سوریا بەگشتی و لەسنورەکانی لوبنان بەتایبەتی، کەزیاتر لەژیر کۆنترۆڵی سەربازی روسیاو هاوپەیمانەکانیدایە. ئەمەش ریگای کردۆتەوە بۆ وەدەرنانی هیزەکانی داعش بەبێ دەرگیری، کەدیارە هەلومەرجیکی ئاواش مەقعیەتی روسیاو

بۆ لاپەڕە 10

# درێژەی.. بۆرما.... پاکتاوکردنی قەومی و ئاینی!

پەنجە لەسەر هەقیقەتی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەم رووداوانە دابنێن.

کارەساتی دڵتەزینی ئەم رۆژانەی میانمار لەکوشتاری بەکۆمەڵی ژنان و منالان و لاوان و دەرکردنی خەڵک لەناوچەکانیان و کۆچو ئاوارەیی بەکۆمەڵ لەژیر ناوی قەومی وئاینیدا، ئەوەی کەخەڵکی رۆهینگای خەڵکی رەسەنی وڵاتەکە نین و غەیرە دینن، لەلایەن دەسەڵاتی سوپاو نوینەرانی سەرمایەداری ئەو وڵاتەوە بەرگی قەومی و ئاینی بەبەردا بەبەردا کراوەو و لەریگەیەوە کۆمەڵگای لەدژی هاندراوە تا خەڵک بکەونە گیانی یەکتر و نەهامەتیەکانی ژیر سایەی دەسەڵاتی سەرکوت و دژی خەڵکی خۆیان لەبیربەرنەوە. ئەم کارەساتانە لە زۆریک لە وڵاتانی جیهان روویانداوە، هەمان کارەسات کەرژیمی بەعس و سەدام حسین لەژیر ناوی دەرەجە دووی خەڵکی کوردستاندا و کورد بووندا، چ کوشتاریکی کردو چ ئەنفال و ئاوارەییەکی ئەنجامدا. داعش بەناوی غەیرە موسڵمان و دژی یەزیدی چ کۆمەڵکوژی و کویلەی جنسی دروستکرد، هەموو شایەتی کوشتاری بەکۆمەڵی یەزیدیەکان هەین لەژیر سایەی دەسەڵاتی خەلافەتی ئیسلامی داعشدا ئەمیش بەرگی دینی کرا بەبەردا و ئەو تراژیدیە دژی ئینسانیە کە ئاشکرا بوو کە چ بازرگانیەکی بەدواوە بوو. هەروەها کوشتارو تەقینەوەو خۆکوژیەکانی تر کەلەدنیادا دەکریت تۆڵە بەبەهانەی سەندنەوە لەحکومەتانی رۆژئاوا کە قوربانیەکانی خەڵکی بیتاوانی مەدەنین کە لەخوێنی خۆیاندا غەرقیان دەکەن. هەموو ئەو کارەساتە و قەسابخانە دژی ئینسانیانە بەبەهانەی قەومی و دینی و جنسیەوە، هیچ شتێک نیە جیا لەوەی کە بۆرژوازی و سەمایەدارانی خاوەن دەسەڵات بەدژی کۆمەڵگای بەشەری ئەمرۆ بەرێی دەخەن بۆ قازانج پەرستی و پاوانی دەسەڵاتیان، کەتیادا ئینسان هیچ بەهایەکی

بۆ لاپەڕە 10

# ڕاستیەکانی پشتی ڕێکەوتنەکەی نێوان حزبوڵای لوبنان وهێزەکانی داعش

هاوپەیمانەکانی لەبەرامبەر حەریفەکنیاندا، بۆ ئاستێکیتر بەرزدەکاتەوە. بەڵام ئەم ڕێکەوتنە لەئاستێکی کۆنکرێتریدا، ئامانجی تریشی بەدواوەیە: لەتەرفی حزبوڵاوە ئەم ڕێکەوتنە پێشکەش کردنی زەمانەتێکی ئەمنی سەرسنورە بەحکومەتی لوبنانی تا هەم خۆی وەک هێزێکی فاعیل لەئاستی قەیرانی دەسەڵاتداریتی لەناوخۆی لوبناندا ڕاگرێ وهەم ئارامیەک لەنیوان حکومەتەکەی بەشار ئەسەد ودەولەتی لوبنان بەدی بهێنێ. مانەوەی هێزێکی دوردەستی داعش لەسنورەکانی لوبناندا، زیاتر لەتەرەفی سوریاشەوە جگەلە زامنکردنی ئەمنیەتی ڕۆژئاوای دیمەشق، فراوانکردنەوەی دەسەلاتی بەشارئەسەدە لەروی سەربازیەوە بۆسەر ناوچەکانی سنوری لوبنان. لەتەرەفی داعشەوە، ئەم ڕێکەوتنە، هەوڵدان بۆ سازدانەوەی هێز لەدەوری بنکەیەکی بەدیل، بەدوای لەدەستدانی موسڵ، کەبتوانی هەم هێزەکانی خۆی لەپەرشوبلاوی دەربهێنێ وکۆیانبکاتەوەو هەم پارستنی مەوجودیەتی خۆشی پێ زامن بکات.. بەلام ئەمە هێشتا هەموو ڕاستیەکانی پشتی ئەم ڕێکەوتنە ناخاتەروو، بەتایبەتی کەتەواوی ئارایشتێکی سەربازیو سیاسی کەبەشوین ئەم ڕێکەوتنەدا هاتوتەکایەوە، بەدیاریکراوی لەناوچەکانی ژێر کونترۆلی ئاسمانی و ئەرزی روسیادایەو یەکلایەنە لەژێر سایەی ئەودا بەرێوەدەچن. خودی ئەوەی کەئەمریکا ڕایگەیاندووە ڕێگانادات هێزەکانی داعش لەناوچە سنوریەکانی عێراق جێگیر بکرێ، وەیا تەنها لەوشوینانە دەست بۆ پەلاماری هێزەکانی داعش کەلەدەرەوەی ناوچەکانی ژێر کۆنترۆلی سەربازی روسیادا دەردەکەوون، (بەدیاریکراویش لەناوچە سەرسنورەیەکانی نێوان سوریاو عیراق)، خۆی بەڵگەی ئەوراستیەیە کەئەمریکا، ملی بەناوچەکانی ژێر نفوزی روسیا وهاوپەیمانەکانی لەحزبولاو ئیران و حکومەتی سوریا داوە وئەم ڕێکەوتنەش کەلەژێر چاودێری روسیادا بەستراوە، رەسمیەتدانە بەم واقعیەتەو رۆڵی روسیاو ناوچەکانی ژێر دەسەلاتە میلیتاریستیەکەیەتی. لەلایەکیترەوە خودی هەولدانی روسیا بۆ گویزانەوە وجیگیرکردنی هیزەکانی داعش بۆ ناوچەکانی ئەبوکەمالو ودێرزۆر، بەمانای ئەوەدێت کەروسیا دەیەویت رەقابەتی جەنگی لەناوچەکانی ژێر دەسەلاتی

بۆ لاپەڕە 11

# درێژەی.. بۆرما.... پاکتاوکردنی قەومی و ئاینی!

نیە.

ئەوەی لە بۆرما ئینسانەکان خەڵتانی خوێن دەکرێن، گەورەترین سوکایەتی بەژن و منال دەکرێت، ئەوە خودی جیایی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی ئەو ولاتە بەبودی و ئیسلامەوە نیە و ئەگەر بەو تێروانین و سیاسەتەوە بەردەوام بن، کێشەکە کۆتایی نایەت و سبەینێ هەمان شت لەبەرامبەر مەسیحی و لایەنی تردا رووددەدات، ئەوە بۆرژوازی و سەرمایەداران و هێزە چەکدارەکانی سوپای کۆنەپەرستی ئەو وڵاتەیە کەبەرژەوەندیان لە زیندوراگرتنی قەومگەرایی و دینی گەرایی و دابەشکردنی کۆمەڵگایە لەبەژرەندی پاوانخوازی و بەرێخستنی شەڕو کوشتارو کاولکاری بۆ مانەوەی دەسەلاتداریتی خۆیان کەقازانج ومانەوەی دەسەلاتیان لەوەدایە، هەموو ئەو کوشتارو پێشێلکاریانە لەبەردەم کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤدا روودەدەن، بەلام بەداخەوە لەغیابی چینی کریکارو کۆمۆنیزمدا، چ لە بۆرما و چ لەئاستی دنیادا، کەدژی کۆمەڵکوژی بوەستێتەوە و کۆمەڵگا لەژێر ناوی قەوم و دیندا دابەش دەکات و لەئەورووپای پێشکەوتودا بەرگری لە فرە کەلتوری ( مولتی کەلچەریزم ) ئەو پەروشە بلاویەو ئەو کیشانە بەرجەستە دەکەنەوە لەژێر ناوی دیموکراتی و مافی دین و قەومەکاندا، لەجیاتی دیفاع لە کۆمەڵگایەک کەلەسەر ئەساسی هاولاتی بوون دامەزرابێت و کوشتن و سوکایەتی بە هەر ئینسانێک لەژێر ناوی قەوم و دین و جنسدا ڕێگای پێنەدرێت.

بێگومان ڕێگای کۆتاییهێنان بەکوشتارو ئاوارەیی و کاولکاریەک لە بۆرما و باقی ولاتانێکی تر روو دەدات هەر هاتنەمەیدانی بزتنەوەی کرێکاری و ئازایخوازی ودەنگی نارەزایەتی هەڵبڕینە بەدژی ئەو کارەساتەی لەبۆرما روودەدات و دامەزراندنی کۆمەڵگایەکە تیایدا لەسەر ئەساسی هاوڵاتی بوون دامەزرێت. دەبێ نارەزایەتی جیهانی یەخەی دەسەڵاتدارانی بۆرما بگرێ و بەرپرسیار بکرێ بەرامبەر بەم تاوانە کۆکوژیەو ناچار بکرێ بەراگرتنی. هەروەها دەبێ نەتەوەیەکگرتوەکان ناچار بکرێ بەدەخالەتکردن لەم دۆخەداو سنوریک بۆ ئەم کوشتارانە دابنێ وهاوکات بۆ پاراستن و بەهاناچونی خێرای قوربانیان و لێقەوماوانی ئەم رواەدوە، کاردانەوە لەئەستۆ بگرێ.

**ڕێکخراوی دەرەوەی**
**حزبی کۆمۆنیستی**
**کرێکاریی کوردستان**
**٦/٩/٢٠١٧**

## راستیەکانی پشتی ڕیکەوتنەکەی نیوان حزبوڵای لوبنان وهێزەکانی داعش

خۆی و هاوپەیمانەکانیەوە بگوازێتەوە بەرەو ئەو ناوچانەی کەئەمریکا وەک پێگەیەکی ستراتیژی سەربازی، لەراستای هاوسەنگی کردنەوەی هێزەکانی خۆی لەگەڵ رویسادا چاوی تێبریوە. بەم جۆرەش ئەم ناوچانە دەگۆردرێن بەمەیدانێک بۆ یەکلاکردنەوەی جەنگو سیاسەت لەپەیوەند بەداهاتوی سوریاوە. هەقیقەتی ئەم دۆخەش پێشرەویەکانی روسیاو هاوپەیمانانی لەبەرامبەر ئەمریکادا دەسەلمێنێ.

بەلام تائەو جێگەیەی بەهۆکاری نیگەرانی عەبادیو حکومەتەکەی دەگەرێتەوە جولاندنی هێزەکانی داعش وجێگیرکردنی لەناوچە سەرسنوریەکانی سوریاو عێراقدا، کەبەپێی ئەم ریکەوتنە ئاماژەی پێدەدرێ، راستیەکی ترمان پێدەڵێت، ئەویش جێگاو ڕیگا چارەنوسی هێزە سونیگەراو ناسیونالیستە عەربیە موخالیفەکانە بەحکومەتەکەی عەبادی ورەوتە شیعیەکانی دەووروبەری، کەبەدوای دەرپەراندنی داعش لەموسل، پرسی یەکلاکردنەوەی کەتۆتە ئەولەویەتی ئەمریکاو تورکیا وسعودیەوە. بەتایبەتی کەئەمریکا لانیکەم ناچارە لەبەرامبەر نفوزی ئێراندا، هاوسەنگییەک لەنیوان هێزەکانی شیعەو سوننەدا هەم لەناوخۆی عیراق داو هەم لەئاستی ناوچەکەدا بەدی بهێنێ. بۆئەم کارەش مانەوی داعش، تەنانەت بەلاوازیەکەیەوە، هێشتا پرۆژەیەکە لەبەرنامەی ئەمریکا وسعودیەو تورکیادا، نەخراوەتە لاوە. بەواتایەکیتر رازی بوون بەمانەوەی داعش لەپیناو داکۆکیکردن لەسونەکان وراگرتنی تەوازنی هیز لەبەرامبەر شیعەکاندا لایەنیکی تاکتیکیە کەئەمریکاو هاوپەیمانەکانی بەردەوام لەژیر پەردەی سازدانەوەی دیموکراسی عێراقی وئاشتەوایی لایەنەکاندا پروپاگەندەی بۆدەکات. بەلام ئەم تاکتیکە ناتوانێ بەدەربێت لەهەولی هەمولایەنەکان بۆ دەربازکردنی داعش لەدۆخی ئیستاو دانانەوەی وەک هیزێکی لاوازو پەروبالگراو لەجەنگی سوریادا. لەم روانگەیەوە هەولدان بۆ چرکردنەوەی هێزەکانی داعش لەسنورەکانی عێراق ویەکجی کردنەوەیان، وەک ئاکامێکی ئەم ریکەوتنەی نیوان حزبولا وهێزەکانی داعش، لەهەلومەرجیکدا کەمیزانی هیز بەدژی داعش لاسەنگ بوە، ئاماژەن بۆ دروستکردنی پێگەیەکی تازە لەژێر ناوی "ویلایەتی فورات"دا.. کەدیارە پرۆژەیەکی لەم جۆرەش، سەرەرای ئەوەی کەسەردەگری یان نا، بەلام راستی ئەمەوەمان پیدەڵێت، کە بنەبرکردنی یەکجاری داعش، نەک هەر ئامانجێک نیە لەستراتیژی سیاسیو عەسکەری هەموو ئەو هیزو لایەنو دەولەتانەدا، کەئالای دژی تیرۆرو جەنگ لەدژی داعشیان هەلبریوە، بگرە هێشتا داعش کارتێکی یاریکردنی دەستی ئەم هیزانەیە بۆ گەیشتن بەبەرژەوەندیەکانیان، کارتیکە بۆ بەدەستهێنانی ناوچەکانی نفوزو بالادەستی بەسەر ناوچەکەدا. کەدیارە لەسەر حسابی هەرچی زیاتر لەخوین هەلکێشانی ناوچەکەو کاولکردن وئاوارەکردنی هەزاران ئینسانی مەدەنی. ئەم ریکەوتنە بەدلنیایەوە، ریگایەکی سیاسی نییە بەئاراستەی ئارام کردنەوەی ناوچەکەو دامرکاندنەوەی ئاگری شەر، بەلکو راکێشانی ناوچەکەیە بۆ جەولەیەکیتری پیکدادانی جەمسەرەکانی شەر و رەقابەتی جەنگی نیوان هێزە ئیمپریالیستی وناوچەیی و محەلییەکان، لەسەر بەرژەوەندیەکانیان. لەم پیوەندەدا، دورنییە حزبە دەسەلاتدارەکانی کوردستان لەسەرو هەر پرەنسیپێکی ئینسانیەوە بۆ گەیشتن بەئیمتیازاتەکانیان لەبەرامبەر دەولەتی مەرکەزیدا، جارێکیتر دەستدرێژ بکەنەوە بۆهەمان سیاسەت کەلەسەردەمی داگیرکردنی موسل وهاتنی داعش وکارەساتی شەنگالدا، گرتیانەبەر.. خەلکی کوردستان دەبێ لەرووداوەکانی ئەمرۆی ناوچەکەدا بەهوشیاریەکی زیاترەوە لەکارنامەی ئەحزابی بورژوازی ودەسەلاتەکەی بروانن وریگانەدەن رووبەرووی کارەساتو مەئەساتێکی تریان بکەنەوە.

سەرەتای سیپتەمبەری 2017

**ئۆکتۆبەر بخوێننەوەو بەدەستی دۆستانو ئاشنایانی خۆتانی بەیەنن!**

# نەقەومی نەدینی بژی ناسنامەی ئینسانی!

# ژمارە ٧ی گۆڤاری دیدگای سۆشیالیستی!

## کەوتەبەردیدی خوێنەرانەوە




لەژمارە 7ی دیدگای سۆشیالیستیدا ئەم باباتانە دەخوێننەوە: سەبارەت بە ریفراندۆم، گفتوگۆ لەگەڵ هاوڕیان عوسمان حاجی مارف وموحسین کەریم/ ڕیفراندۆم مافی خەڵکە، بەڵام بارزانی و ناسیۆنالیزم خاڵی لاوازین! نوسینی ڕێبوار ئەحمەد/ ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی، کام سیاسەتی کۆمۆنیستی!. خەسرەو سایە/ کۆمۆنیزم و سەربەخۆیی کوردستان، ئاسۆ کەمال ./ سەبارەت بە مەسەلە و کێشەکانی ژنان لە کوردستان، گفتوگۆ لەگەڵ بەهار مونزیر و گۆنا سەعید. / پرۆگرامی سیاسی بزوتنەوەی گۆران چیمان پێدەڵێت؟ ئاناتۆمی بۆرژوا ناسیونالیزم لەبەرگی چاکسازیدا (6) خەسرەو سایە. / چاوخشاندنێک بە هەژاری فەلسەفەی مارکسدا، جەمال موحسین. / بەڵگەنامەکان: بەیاننامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان سەبارەت بەریفراندۆم

### دەتوانن لەم ڕیگایانەی خوارەوە ژمارەی تازەی گۆڤاری دیدگای سۆشیالیستی بەدەست بهێنن!

هاوڕێیان و دۆستانی ئازیز ئاگادار ئەکەین کە ژمارە ٧ ی دیدگای سۆشیالیستی لە چاپ دەرهات. ئەمەی خوراەوە ناوی ئەو شوێنانەیە کە لێی دەست ئەکەوێت.

(وێنەی یەکەم بەرگ، دووەم دیوی ناوەوە، سێیەم ناوەرۆکی ژمارە)

(بۆ دەستکەوتنی ژمارەکانی پێشووش ئەتوانن پەیوەندیمان پێوە بکەن)

سلێمانی/ کتێبخانەی سلێمانی/ سەرا
قاوەخانەی کەلتوری/ گەرەکی عەقاری
کتێبخانەی غەزەلنوس/ گەراجی پاسەکانی تووی مەلیک
کتێبخانەی ئەندێشە/ جادەی مەولەوی
کۆمیتەی سلێمانی حزب، عەقاری، خوار قاوەخانەی کولتوری
هەروەها لە کتێبخانەی گشتی سلێمانی و سەنتەری ڕۆشنبیری سەرا دەست دەکەوێ بۆ خوێندنەوە
هەولێر/ کتێبخانەی سیروان.تەنیشت چایخانەی مچکۆ
کەرکوک/ کتێبخانەی "ملتقى القراء- جێژوانی خوێنەران "/شارع اوقاف
چەمچەماڵ/ لەرێگای ژمارە تەلەفۆنی ٠٧٧٠١٥٤٩٢٧٥
هەڵەبجە/ کتێبخانەی "هەژار" نزیک حەمامی "میر"
پێنجوین / کتێبخانەی سامان بەرامبەر سەرۆکایەتی شارەوانی قەزای دوکان. ژمارە ٠٧٧٠١٥١٧١٢٥
کەلار/ کتێبخانەی شێروانە و کتێبخانەی خاک
ڕانیە /کتێبخانەی ئارام ، نزیک پارکی گشتی

**وەیا لەم ڕێگایانەوە پەیوەندی بکەن و ڕینمایی بۆ بەدەستهێنانی کۆپیەک وەربگرن: لەڕیگای سەرنوسەرەوە : 004747276028**

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی:
عوسمانی حاجی مارف
Mob: 00964(0)7701570050
Email: osman_maruf@yahoo.com
مەکتەبی سیاسی:
موحسن کەریم
Mob: 00964(0)770 047 5533
Email: muhsin_km@yahoo.com
سکرتاریەتی مەکتەبی سیاسی:
عیرفان کەریم
Email: arfan96@yahoo.de
ڕێکخراوی دەرەوەی وڵات:
دەشتی جەمال
Mob: 0044 (0) 07856032991
Email: dashtyjamal@gmail.com
نوری بەشیر
Email: nooribashir1@yahoo.com
Mob: 0044 (0) 74 7620 4121

ئۆکتۆبەر ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری کوردستانە
سەرنوسەر
خەسرەوسایە
Saya.xasraw@yahoo.co.uk
Mob: 07701511043
www.hkkurdistan.org